گۆران و تازەگەری لە شیعری کوردیدا

ئاسۆ عومەر

گۆران یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کەوا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم توانییان کۆت و پێوەندەکانی ئەدەبی کلاسیکی بشکێنن و ئەدەبێکی تازە بهێننە کایەوە، جیاواز لەوەی پێشوو کە بە (ئەدەبی نوێی کوردی) ناسراوە. گۆران لەم ناوەدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە، بەتایبەتی لەتازەکردنەوەی شیعردا، چونکە «گۆران ئەو شاعیرە داهێنەرەیە کە ئەو شۆڕشە نوێیەی تازەگەری لە زمان و بنیادی شیعری کوردیدا کە شێخ نووری شێخ سالّح و ڕەشید نەجیب بەرپایان کرد، ئەم بڕەوی پێدا و گەیاندییە ئەنجام. گۆران هەموو سنوور و کۆت و پێوەندە قورس و نالەبارەکانی شیعری کلاسیکی کە ڕەگوڕیشەی عەرەبییە تێک دەشکێنێ و جۆرێکی دی لە زمان و بنیادی زمانی لە ئەزموونی خۆیدا بەکاردەهێنێت» (٣:٧) ئەگەرچی گۆران لەسەرەتادا بەلاساییکردنەوەی کلاسیکی کوردی بەتایبەتی (نالی و سالم) دەستی پێکرد، وەک خۆی دەڵێت: «بەشی زۆری کۆنەکان بە کێشی عەروز و کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بەزمانی بێگانە نووسراون. ئوسلوبیشیان کۆنە وەک هی (سالم) و (نالی) لەسەر پێوشوێنی غەزەل هەڵبەستراون» (٤٠:٥) بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا دەستبەرداری شیعری کلاسیکی بووە و بەرەو تازەکردنەوەی شیعر هەنگاوی ناوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: «نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیربووین و پێکەوە دەماننووسی، بەڵام تەنیا شێخ نووری شیعرەکانی بڵاوکردەوە و من بڵاوم نەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نیشاتی دەرئەکەوت. ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تێدا پەیدابوو، کە پێیان ئەوترا(ئوودەبای فەجری ئاتی) لەوان (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال شاهیر) بوون... ئەدەبێکی

گۆران

تری تورک کە (عەبدولحەق حامید)ە ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەرپێی موتەئەسیر بووین. کەوابێ دەمانڕوانییە یەک کڵاوڕۆژنە» (٤٨:٩) هەروەها دەڵێت: «پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئینگلیزی هاتنە کایەوە و بڵاوبوونەوە. لە سەرەتاوە بەهۆی ئەدەبی ئینگلیزییەوە بەدوای تیۆری هونەر بۆ هونەر ڕۆیشتم و بەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم خوێندەوە، وەکو هینەکانی جۆن کیتس و ئۆسکار وایلد» (١١:١٩٩) بەم جۆرە گۆران جگە لە ئەدەبیاتی تورکیدا توانیویەتی لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا سوود لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبیش ببینێت.

کاکەی فەلاح سەبارەت بە ڕۆڵی گۆران لەتازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دەڵێت: «ئەوەی کە بەلای منەوە بەردی بنچینەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی دانا و لە مەڵبەندی تێگەیشتن و قووڵی و خوێندنەوە و زانینەوە کەوتە داهێنان و بەرهەمی نوێ، (گۆران)ی پێشەوا و بلیمەت بوو کە سایە و سێبەری کارتێ کردن و بەردەوامی لەسەر دنیای شیعری کوردی هەرماوە و هەر هەیە» (١٢:١٠)

هەروەها ڕەفیق حیلمیش سەبارەت بە گۆران دەڵێت: «لە دونیای شیعرەوە بە تایبەتی لە شیعری کوردیدا (ئینقلاب)ێکی گێڕاوە. گۆران بەم ئینقلابە قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی بە تەواوی ڕووخاندووە و دونیای شیعری کلاسیکی بەجارێ سەرەوژێر کردووە» (٣:١٠٣)

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: گۆرانی شاعیر، لەسەراسەری مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد، گەورەییەکەشی هەر لەوەدا نییە کە شیعرەکانی لە ڕیزی بەرهەمی شاعیرە مەزنەکانی جیهاندا جێیان دەبێتەوە، بەڵکو لە ڕوویەکی تردوە هەر لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا نموونەیەکی دەگمەنە ئەویش ئەوەیە کە گۆران لە ڕێڕەوی شیعری خۆیدا بە چەندین ڕێبازدا تێپەڕیوە، چەند بیروڕاو ڕێبازیش لە شیعرەکانی دەنگیان دایەوە، بەڵام لە هەموو ئەو دەرفەتانەدا شاعیرێکی خوڵقێنەر بوو ڕابەرێکی تازەگەری شاعیرانی ئەو پەیڕەوە بوو لەناو کورددا» (٩:١٢٣)

هەروەها دەڵێت: «کە لە گۆران دەدوێین تازەگەریمان دێ بەبیردا. تازەکە لە ڕوخساردایە. لە بابەتی ئەدەبی و کێشی تازە و زمانە جوانەکەیدایە، بەڵام ئەمانە هەموو لە ناوەرۆک لە جیانەکرابوونەوە، بەڵکو خرابوونە خزمەتی ناوەرۆکە بەرزەکە» (٩:١٢٥)

د. مارف خەزنەدار پاش ئەوەی دیاردەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە چەند خاڵێکدا ڕوون دەکاتەوە، پاشان دەڵێت: «نموونەی ئەو شیعرە نوێیە، زیاتر لە بەرهەمی عەبدوڵڵا گۆراندا خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری شیعری لەم بابەتەیە، هەتا شیعرە لاساییە عوسمانییەکانیشی کە لەنێوان کۆن و نوێدا دەوەستن زۆرتر بەلای شیعری نوێی کوردی دەشکێنەوە» (١٤:٢٩)

گۆران توانیوێتی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە تازەگەری لە شیعرەکانیدا ئەنجام بدات، کە ئەم تازەکردنەوەی شیعرە لای گۆران بووە سەرەتا و بناغەیەک بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی. کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لەو تازەگەرییانەی گۆران بخەینەڕوو.

گۆران بە بەکارهێنانی چەند کێشێکی هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ تازەکردنەوەی لە شیعری کوردیدا کردووە لە ڕووی کێشەوە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە کێشی عەرووزی بەکاردەهێنا، پاشان کێشی عەرووز و کێشی پەنجەی تێکەڵ دەکرد، تا لە کۆتاییدا بە یەکجاری دەسبەرداری کێشی عەرووز بووە و تەنیا کێشی پەنجەی خۆمالی

بەکارهێناوە. ئەم کارەشی لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکیدا بووە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: «ئەدەبی تورکی جووڵانەوەی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی (قەومی)یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شەعبییەکانیان ئەژیانەوە و لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا.. کە ئەمەش کێشی هیجایە ئیتر من تەنیا بەکۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا» (١٤٨:١٦) هەروەها دەڵێت: «شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەندە شیعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خصائصی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی، لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند سالەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی و لام وایە بۆ ئێجگاری بەڕەڵلا کرد» (١٢:٣٤) بەم پێیە دەتوانین سێ جۆر کێش لە شیعرەکانی گۆراندا دەستنیشان بکەین:

١- کێشی عەرووز:

گۆران سەرەتای دەسپێکردنی شیعری بەم کێشە دەستی پێکرد، نزیکەی چل شیعری بەم کێشە داناوە، شیعرەکانی (ئەڕۆی ئۆغر، هەرچەن، ئەی شەوقی گەلاوێژ، تاوێ نەگەڕا..) نموونەی ئەم جۆرە کێشەن.

کلاو لار، گورجی کەو ڕەفتار! نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
لەتیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا،
تەماشای لالەزاری ڕا گوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟ (٧٧)

کێشی ئەم شیعرە: (هەزەجی هەشت هەنگاوی سالم)ە

٢- کێشی ڕەنگاوڕەنگ (تێکەڵکردنی کێشی عەرووز و کێشی پەنجە):

گۆران لە هەندێ لە شیعرەکانیدا زۆر وەستایانە کێشی ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە و ئەم دوو کێشەی تێکەڵاو کردووە، ئەمەش لایەنێکی سەرکەوتوویی گۆرانە کە توانیوێتی چەند کێشێک لە یەک شیعردا بەکاربهێنێت، کە سەرجەم کێشەکان خزمەت بە لایەنی ئیستێتیکی شیعرەکە دەکەن. شیعری (ئاواتی دووری) نموونەیەکی ئەم جۆرە کێشەیە:

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵەوری پەڕت،
کوا بااڵ تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ (موزاریعی هەشت هەنگاوی-ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)
کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ بروێ پەیوەست؟ کوانێ؟ (کێشی پەنجە: ٨ بڕگەیی)
کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵ و گەش؟ (کێشی پەنجە: ٥ بڕگەیی)
کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میسال؟ (کێشی پەنجە: ٦ بڕگەیی) (٤٥:٥)

٣- کێشی پەنجە:

گۆران لە بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆمالێدا دەوڵەمەندە، زۆربەی ئەم کێشانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کێشە لەگەڵ بنەمای ئاواز و مۆسیقای زمانی کوردیدا دەنگونجێ.

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە، (٤٣:٥)

گۆران لە شیعری (بەستەی دڵدار)دا کێشەکانی (٣-٤-٥-٧-٨) بڕگەیی بەکارهێناوە:

لەژێر ئاسمانی شینا، ٧ بڕگە
لە پاڵ لووتکەی بەفرینا، ٧ بڕگە
کوردستان گەڕام، ٥ بڕگە
دۆڵاو دۆڵ پێوام، ٥ بڕگە
نە لە شار و نە لە دێ ٧ بڕگە
نەمدی کەس ٣ بڕگە
وەک تۆ جوان بێ! ٤ بڕگە
تۆیت و بەس ٣ بڕگە
کچە کوردێک دڵ پێی شادبێ، ٨ بڕگە
وەک فریشتە و پەریزاد بێ! ٨ بڕگە

سەروای شیعر لایەنێکی تر کە گۆران تازەگەری تێدا کردووە، چونکە شیعری کلاسیکی کوردی سەروای یەکگرتووی هەبووە و لە قاڵبە شیعرییە کلاسیکییەکانی

وەک: (غەزەل، قەسیدە، چوارخشتەکی، پێنج خشتەکی، قیتعە، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند...) بەکارهاتووە و «ئەم سیستەمە عەرووزییەی سەروا، شاعیری کلاسیکی بە تەواوەتی بەستۆتەوە و ناچاری کردووە واتاکان و ڕوانینی شاعیرانەی خۆی، هەمووی، لەچوارچێوەیەکی بەندکراودا و لەناو تەنیا کلێشەیەکدا بەند بکات، واتا و جوانی و مۆسیقاو فۆرم بکاتە قوربانی کلێشەیەک» (٥٩:١١) لەکاتێکدا لە شیعری تازەی کوردیدا ئەم سەروا یەکگرتووە تێک شکێنراو سەروای ڕەنگاوڕەنگ، بەتایبەتی جووت سەروا (مەسنەوی) بەکارهێنرا، لەم بارەیەوە گۆران دەڵێت: «قاڵبی هەڵبەستی کۆن، دوایی هەموو بەیتەکانی بەدرێژەکێشانی قەسیدە، یان غەزەل لەسەر یەک قافیە ئەڕوا، بەڵام یەک قافیە لە هەڵبەستی تازەدا دێرەکان زۆرتر دوو دوو ئەبەستێ پێکەوە، لای ئەوپەڕی لە قافیە بەندی دێڕەکانی یەک بەند زیاتر تێناپەڕێ» (٢٨:١)

گۆران لە شیعرەکانیدا ئەم سەروایانەی بەکارهێناوە:

١- سەروای یەکگرتوو:

سەروای یەکگرتوو لای گۆران زیاتر لەو شیعرانەدا بەکارهاتوون کە بەکێشی عەرووزی عەرەبی و لەژێر کاریگەری ئەدەبی کلاسیکیدا نووسراون.

لە بەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت
چونکە شەبیهە بەو زوڵفی سیاسەت!
نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری
وەکوو پرچت کشاوە بێ نیهایەت!
بەهیچ خاکستەرێ ناگەم بەتۆ
لە ئەنجامی لەهیبی حوب حیکایەت! (٨١:٥)

سەروای یەکگرتووی ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:

AA, BA, CA, DA, EA, FA, GA...

٢- جووت سەروا (مەسنەوی):

جووت سەروا لە زۆربەی شیعرەکانی گۆراندا بەکارهاتووە:

نازانم تۆ چیت ئەی گیان
یاری نازداری ژیان
هێزی لەش جوواڵندنم
هۆی گەرم و سارد چەشتنم
تینی دڵەی پڕ جۆشم
بزوێنی بیر و هۆشم (١٧٨:٥)

سەروای شیعرەکە بەم جۆرەیە:

AA BB CC DD EE FF GG

٣- هەروەها چەندین جۆری تری سەروای بەکارهێناوە، لێرەدا ئامازە بۆ هەندێکیان ئەکەین:

ABAB CDCD EE FGFG HHHH II
ABBA CDCD EEFF GHGH
ABBA CDCD EFGGFE
HIHI JKLLKJ MNMONO
AABB CDCD EFEF GHGH

لایەنێکی تر کە گۆران تازەگەری تێدا ئەنجام داوە (یەکێتی بابەت)ە. یەکێتی بابەت لە شیعری کلاسیکیدا نەبوو، یان دەخرایە ناو یەک دێڕەوە و هەر دێڕێکیش سەربەخۆیی خۆی لەناو شیعردا دەپاراست، هەر بۆیە ئەگەر دێڕێک، یان زیاتر لە شیعرەکە دەربهێنین کار لەواتای شیعرەکە ناکات، لە کاتێکدا لە شیعری تازەدا یەکێتی بابەت بەسەر هەموو شیعرکەدا دابەش دەبێت و لادانی دێڕێک دەبێتە هۆی تێکچوونی شیعرەکە. «هەتا (گۆران) هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد بەو خەست و خۆڵی و پێداگرتن و چڕییە بە تەنگ یەکێتی بابەتەوە نەبووە» (٢٨:١٢) گۆران لەم بارەیەوە دەڵێت «بایەخدان بە ڕازاندنەوەی وێنە لەگەڵ ئەو ماوە تەسکەی قافیە دروستی ئەکا، هەڵبەستی کۆنی ناچارکردووە یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) بترنجێنێتە ماوەی بەیت. لە غەزەل، یان قەسیدەیەکا بەیت لە واتا (معنی)دا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانێ بەیتەکان بە هەوەسی خۆی پاش و پێش بخات بەبێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەک بکرێ، لە هەڵبەستی تازەدا یەکێتی بابەت دابەش کراوە بەسەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا، لەبەر ئەوە لە بارچەیەک هەڵبەستی تازەدا نەک هەر لەبەر جیاوازی قافیە، لەبەر تێک نەچوونی ڕیز پێوەگرتنی بابەتیش زۆر گرانە تاقە دێڕێک چییە لە شوێنی خۆی بگوێزرێتەوە» (١: ٢٩)

گۆران هەوڵیداوە لە زۆربەی شیعرەکانیدا یەکێتی بابەت بەسەر سەرجەم شیعرەکەدا دابەش بکات کە ئەستەمە بتوانرێ دێڕێک، یان پارچەیەک لەو شیعرانە لابەربت بەبێ تێکچوونی واتاکەی. شیعرەکانی (گوڵی خوێناوی، لە درزی پەچەوە، هەڵبەستی دەروون،...) نموونەن بۆ یەکێتی بابەت.

گۆران بەهۆی ئەو تازەگەرییەی لە کێش و سەروا و یەکێتی بابەتدا کردی، توانی تۆپۆگرافیای شیعری کوردی بگۆڕێت، چونکە «تێکشکاندنی قافیە و وازهێنان لە عەرووزی عەرەبی و بەکارهێنانی کێشی پەنجە کارێکی

وایان کرد که کۆپله و بەیتەکانی شیعر بە شێوەیەکی تازە دابەش ببنە سەر کاغەز.. و ورده ورده دەبینین وێنەی شیعر لەسەر کاغەز تێکدەچێت و گۆڕانی بەسەردا دێ. شێوەی شیعر پەردەسێنێت و پەرت دەبێت، فۆرمی دیکە وەردەگرێت» (۱۰۲:۱۱) ئیتر ئەو شێوازی دابەشبوونەی لە شیعری کلاسیکیدا باوبوو تێکشکا و شێوازی تازەی دابەشبوونی شیعر هاتە ئاراوە، چونکە «دابەشبوونی بارستاییە ڕەشەکان (خەتەکان و حەرفەکان) بەسەر کاغەزی سپیدا شێوەیەکی تازە وەردەگرن» (۱۰۲:۱۱)

ئەگەرسەیری تۆپۆگرافیای شیعرێکی کلاسیکی بکەین بەم جۆرەیە:

_____
_____
_____
_____
_____
_____

لە کاتێکدا لە شیعری تازەدا چەندین دابەشبوونی تۆپۆگرافی هاتەکایەوە و شاعیری نوێ ئازادانەتر بەپێی پێویستی شیعرەکەی تۆپۆگرافیای شیعرەکەی دادەڕشت. وەک لە شیعری (ئاخ هەزار ئاخ)ی گۆرانیدا دەردەکەوێت:

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ! تا قیامەت ئاخ و داخ!
من کە سنگم بەردە، تەبعم بەرزە چەشنی شاخ و داخ؛
من کە خوێنم ئاگرە،
چوونە جۆشم حازرە،
من کە مایەی فەخری تەئریخی بەڕووم،
تاقە ڕەنگی ئابڕووم
مەردی، بێباکی، دلێری بوو هەموو...
کوا؟ مەگەر ئەسڵی نەبوو؟
بۆ سەرم نەرمە لە عاستی بەندی دیلی، داخەکەم؟
بۆ لەنزمی و پەستییا وەک گۆمی لووتە شاخەکەم؟
(۱۴۹:۵)

تۆپۆگرافیای ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:

_____
_____
_____
_____
_____
_____
_____

ڕەگەزێکی تری تازەگەری لە شیعری گۆرانیدا گەڕانەوەیە بۆ کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەو کانییەیە ئاویان لێدەخواردەوە و سوودیان لێدەبینی کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە مزگەوت و حوجرەکاندا خوێندوویانە و شێخ و مەلا و سۆفی و دەرویش بوونە، لە کاتێکدا شاعیرانی نوێ لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکییدا گەڕانەوە بۆ کەلەپووری کوردی و باوەشیان بەو سامانە نەتەوایەتییەدا کرد، کە دیارترینیان بەکارهێنانی کێشی پەنجە و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردییە لەجیاتی وشە و زاراوەی بێگانە. گۆران دەڵێت: «ئەدەبی تورکی جووڵانەوەی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی (قەومی)یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شەعبییەکانیان ئەژیانەوە و لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا.. کە ئەمەش کێشی هیجایە ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا» (۱۴۸:۱۶) هەروەها دەڵێت: «بەرهەمی وێژەیی ڕاستەقینەی نەتەوەیەک ئەوەیە کە شەقڵی تایبەتێتی ئەو نەتەوەیەی پێوەبێ» (۱۱۹:۱۱).

گۆران زۆر بە تۆندی باوەشی بەکەلەپوور و فۆلکلۆری کوردیدا کردووە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەم کارەشی توانیوێتی مۆرکێکی کوردی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات. گۆران لە شیعری (دەرویش عەبدوڵڵا)دا زۆر بە ڕوونی بێزاری خۆی بەرانبەر ئاواز و مۆسیقای بێگانە دەردەبڕێت، کە بوونەتە هۆی تێکچوونی میزاجی شاعیر و داوا لە دەرویش عەبدوڵڵا دەکات کە (لاوک و ئای ئای و حەیران)ی بۆ بڵێت و دەروونی مات و چۆڵی پڕ بکات لە شەپۆلی زەوقی میللی، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆحی شاعیر ئاشنای ئەم (لاوک و ئای ئای و حەیران)انەیە کە بەشێکن لە کەلەپووری نەتەوایەتی:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەرویش عەبدوڵڵا،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا

دە ئەی دەرویش، سکالاّیەک لەگەلّ ڕۆحی کەلّۆلّم کە! (٥: ١١٢)

گۆران لەم کۆپلە شیعرەدا هاڵمان دەدات بۆ گەڕانەوە بۆ مۆسیقاو ئاوازی میللی کوردی کە بە هەست و سۆزی کوردەواری ئاشنان و دەسبەردارببوونی مۆسیقا و ئاوازی بێگانە، کە هەرچەند ئاوازگەلێکی خۆش بن، بەڵام دەبنە هۆی تێکچوونی میزاجی کوردەواریمان.

تازەگەری لەزمانی شیعریدا لایەنێکی تری ئەو تازەگەرییەیە کە گۆران لە شیعری کوردیدا ئەنجامی داوە، چونکە گۆران «زمانێکی کوردی پتەوی، ڕەوانی، مۆسیقا جوانی، بەگوێ سووکی بۆ بەکارهێناوە. بەڵکو توانی زمان بکات بە بەشێکی گەورە لەجوانی هۆنراوە و بەرهەم» (٩: ١٢٤) شاعیرانی کلاسیکی کوردی پەنایان دەبردە بەر وشە و زاراوەی عەرەبی و ئیسلامی و شیعرەکانیان پێ دەڕازاندەوە و ئەمەش وای کردبوو زمانێکی شیعری، زمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە بێت. گۆران وەکو شاعیرێکی تازەگەر زمانی شیعری لەو وشە و زاراوە بێگانانە پاک کردەوە و لەجیاتی ئەوان وشە و زاراوەی کوردی بەکارهێنا. «زمانی گۆران پوخت و ساغ و پتەو و جوان و ڕەوان و زۆر لەخۆکردنی تێدا نییە و ڕەسەنی خۆی لەزمانی خەڵک و سامانی بە پیتی نەتەوە وەردەگرێ، گۆرانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بوو و ئەمەش قوواڵی و ڕەنگینی بە شیعرەکانی بەخشیوە» (٩:١٤٩) چونکە «ئەو زمانە پاراوە شیعرییەی وەک شێوازی تایبەتی خۆی پێی دواوە، هەر تەواو جێگای سەرنج و مایەی قووڵ بوونەوەیەکی بێ سنوورە» (١٢:٤٥) گۆران زمان بە باشترین ڕێگا دادەنێت بۆ جیاکردنەوەی شیعری کۆن و تازە و لەم بارەیەوە دەڵێت: «ڕێگای هەرە چاک بۆ جوێ کردنەوەی تازە و کۆنیان، وردبوونەوە لە زمان و لوغەتی پێنووسینیان ڕاسپێری ئەکەم، هەچ هەڵبەستێک وشە و تەرکیبی عەرەبی و فارسی زۆری تیابێ، بەو ئەندازەی زۆرییە، کۆنە، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە» (٥: ٤٠)

شیعرەکانی (ئافرەت و جوانی، جوانی بێ ناو، گوڵی خوێناوی، خۆزگەم بەپار، بۆ جوانی سەرەڕێ، بەستەی دڵدار، بەردە نووسێک، دوا سرنج..) نموونەی زمانێکی کوردی پاراون.

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنە نەختێک ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپەدوو،
گەندەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵە و ئێسکسووک
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لەهی بووک!
ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێی ئەڕوانم،
بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم،
ئەڵێی نەک هەر ئێستا عومرێکی درێژە
بەو دەست و پەنجانەت برینم ساڕێژە
ئەی کچە کاڵەکە جوانی تر با زۆر بن،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆربن (٥:٦٥)

یەکێکی تر لەو دیاردە تازەگەرانەی لای گۆران بەرچاوەدەکەون نیشانەکانی خاڵبەندیییە (خاڵ، کۆما، دووخاڵ، کۆمای خاڵ لەژێر، نیشانەی پرسیار، نیشانەی سەرسامی..) دیاردەی خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکیدا نابینرێت، گۆران زۆر بە وردی و زیرەکانە ئەم نیشانانەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، کە زیاتر جوانی و ناسکی دەبەخشییە شیعرەکانی.

ئەگەر بە چاوێکی وردبینەوە سەرنجی شیعرەکانی گۆران بدەین کە لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا لە گۆڤارەکانی (گەلاوێژ) و (هاوار)دا بڵاوکراونەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی فراوان، لە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنان و دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لەنێوان شیعرەکانی گۆران و شیعری شاعیرانی کۆندا هەیە، نیشانەکانی خاڵبەندی لەلای گۆران-دا، بۆ یەکەمین جار لە میژووی شیعری کوردیدا نەک تەنیا بەشێوەی دروست و زانستییانە بەکارهاتوون، بەڵکو تەنانەت ئەم نیشانانەی خاڵبەندی لەلای گۆران-دا بەشێکن لە تەکنیکی شیعر(١١:١٣٢)و گۆران توانیویەتی زۆر زیرەکانە نیشانەکانی خاڵبەندی وەک ئامرازێکی هونەری و وەک تەکنیکێک بەکاربهێنێ بۆ دابەشکردنی کۆپلە و بیرۆکە شیعرییەکان و تێکشکاندنی قاڵبی عەروزی شیعر کە چەندین سەدە بوو باڵی بەسەر شیعری کوردیدا کێشابوو(١١:١٣٢) شیعری (پاییز) نموونەیەکی جوانی نیشانەکانی خاڵبەندیییە:

پاییز! پاییز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز،
هەردوو هاوەرد!
من فرمێسکم، تۆ بارانت؛

من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە: دادم، دادت،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز! (٥: ١٣٥

لە سەیرکردنی ئەم شیعرە و بەشێکی زۆری شیعرەکانی گۆراندا دەبینین هەر لە ناوونیشانەوە تا کۆتایی شیعرەکە بەشێوەیەکی ورد و بە مەبەستی بەخشینی جوانی و ناسکی بەشیعرەکان نیشانەکانی خاڵبەندی بەکارهێناوە، «تەنانەت لە گەلێک شوێندا هەست دەکەین کە بەکارهێنانی ئەم نیشانانە بەشێکن لەجوانی و بەهای هونەری شیعرەکان خۆیان» (١١:١٣٣)

وەسف (وەسفی سروشت و وەسفی ئافرەت) لایەنێکی تری تازەگەرییە لای گۆران، چونکە «گۆران هەر لەسەرەتاوە لە وەسف کردنی سروشتدا هەڵسوکەوتێکی جیای لە کلاسیکەکان پەیڕەو کرد، کاتێک کەرەسەی کارەکەی لە واقیعی سروشتی کوردستان خۆی وەرگرت و بلیمەتییەکی گەورەشی نواند نەک هەر لە هەڵبژاردنی وشە و لێکچووواندن، بەڵکو بە وەرگرتنی وێنەی ڕیالیستی قەشەنگ لە سروشتی کوردستان و ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەو سروشتە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وەکو خۆی، گوزارشت کردن لەو دیمەن و تابلۆ جوانانە بە وشەی شاعیرێکی هونەرمەند، دوو هاوینەگەشتەکەی دوو تابلۆی جوانی سروشتی کوردستانمان دەداتێ» (١٠:١٩٢)

سروشتی جوانی کوردستان، دیمەنە ڕازاوە و دڵگیرەکانی و تابلۆ دڵڕفێنەکانی، ئیلهامی شیعری گۆران بوونە. گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورامان) بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش باس لە سروشتی هەورامان و دەڵێت:

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش؛
سەرپۆشی لووتکەی بەرزی زۆر سپی،
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیسماو:
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو.
هاوار و هاژەی کەفچەڕێنی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم!
تووڵەڕێی باریک، تووناو توون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن
ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل!
گا سەرەو ژوورە، گا سەرەو خوارە
تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە! (٥:١١٧)

هەروەها وەسفی ئافرەتیش لایەنێکی تری کە کەسایەتی شاعیری تێدا دەردەکەوێت، گۆران شاعیری ئافرەت و جوانییە، چونکە «جوانی سروشت و ئافرەت بەشێکی.. زۆری لەبەرهەم و تەقەڵای ئەدەبی (گۆران) بۆ خۆی گرتووە. بەتایبەتی گەوهەری ئافرەت لە زۆر شەپۆلی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شیعرەکانیدا دەردەوشێتەوە» (١٢:٤٣) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە «گۆران ئیلهامی شیعری لە (جوان)ی وەرگرتووەو لە هەموو شتێکا جوانی پشکنیوە و پەرستوویە زۆرتر جوانی ئافرەت هێلانەی شیعری وروژاندووە. لە ئافرەتیشدا ئەو جوانیانە تینوەتی پەرستشی شکاندووە کە نایەتەدەسەوە، بەڵکو تەنها لە کافی دڵ و گیانیا (بوون) یان هەست ئەکرێ» (٣:١٥٢)

د. مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێت: «دەتوانرێ ئەو وەسفەی نێوەندی ئەدەبی بۆ گۆرانی کردووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا (شاعیری ئافرەت و جوانی) ببێ بە پێوانە بۆ ناسینی ئەم شاعیرە. لەبنەڕەتدا شاعیرییەتی گۆران لە بازنەی ئەم ڕستە کورت و جوانەدا کۆدەبێتەوە. شاعیر بەشیعر پەیکەری ژن دروست دەکا. کارەکەی وەک هونەروەری شێوەکارە کە پۆرترێتی ژن بە فڵچەی ڕەنگاوڕەنگ دەکێشێ، یان پەیکەرتاش هەیکەلی ئەو ژنە دەتراشێ. ئەو شیعرە، ئەو وێنەیە، ئەو پەیکەرە یەک سیمای هەیە، کەچی لەهەر خوێندنەوەیەکدا مانایەک دەبەخشێ» (١٥:٥٧٦)

گۆران لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز،
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز؛
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی!
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی باڵای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیو نیگای؟
کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی

تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟ (٤٣:٥)

گۆڕینی سیستەمی ڕەوانبێژی عەرەبی و بەرجەستەکردنی سیستەمێکی تازەی جوانکاری لایەنێکی تری تازەگەرییە لای گۆران، چونکە «دوورکەوتنەوە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی عەرەبی (جیناس و طیباق و کینایە و لەف ونەشر...تاد) لەجیاتی ئەوە پشت بەستن بە سیستەمێکی تازەی جوانکاری و دەربڕین: وێنەی شیعری، دەربڕینی نوێ، شێوازی تازە دیاردەیەکی دیکە و گۆڕانێکی دیکەیە کە لە بواری شیعری کوردیدا ڕووەدا» (١١:١٢٢) شاعیرانی کلاسیک بە ڕەوانبێژی عەرەبی شیعرەکانیان دەڕازاندەوە، شیعرەکانیان پڕبوو لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی عەرەبی و بەتواناترین شاعیر ئەو شاعیرە بوو کە بتوانێت بەجوانترین شێوە ئەم هونەرانە لە شیعرەکانیانیدا بەرجەستە بکات، بەڵام شاعیری تازە ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی عەرەبی خستەلاوە و کۆمەڵێک شێوازی تری جوانکاری هێنایە کایەوە. گۆران سەبارەت بە سیستەمی کۆن و تازە دەڵێت: «لەهەڵبەستی کۆندا نرخی وێنە لە چیش نرخی ناوەرۆک دادێ لەبەر ئەوە نیشانەی وشەبازی لەهەڵبەستی کۆندا زەق ئەکەوێتە بەرچاو- جیناس، لەف و نەشر...تاد، بەڵام لەهەڵبەستی تازەدا بە تایبەتی لەهی قوتابخانەی ڕیالیزمی تازەدا وشەبازی و زەرکەشی کردنی ئوسلوب باوی نەماوە لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەر ناوەرۆک» (١:٢٨)

گۆران لە زۆربەی شیعرەکانیدا کۆمەڵێک وێنەی شیعری ڕازاوە، دەربڕینی تازە و جوان، ناوەرۆکێکی بەرز بەرجەستە دەکات کە نموونەیەکی بەرزی سیستەمی جوانکارین. شیعری (هەڵبەستی دەروون) باشترین نموونەیە:

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:
بۆچی وەها دوورن لەیەک؟ نازانم!
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین..
پڕشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!
دەرکەوتایە: مانای مەنگی دەریایی،
کە نەرمەبا ئەدا لە ڕووی ئەسپایی
دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری
بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو
تیژگێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو!...
بەڵام ئەفسووس! کە ئەو شیعرە جوانانە
بااڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە،
لە ناوەوە ئەجریوێنن، ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بەکاغەزا ناهێنن!..

هێنانە ئارای کێشە و گرفتی نوێ لایەنێکی ترە لەو لایەنانەی شیعری کوردی گۆران تازەگەری تێیاندا کردووە، کە ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە بوو کە کوردستانی گرتەوە، چونکە بابەت و کێشە و گرفتەکان لە شیعری کلاسیکیدا بەزۆری تەسەوف، غەزەل، پیاهەڵدانی میر بوو، کە گۆران بەم جۆرە باسی دەکات: «بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەردەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی (یار) و (میر) و (پیر)بوو، سەرچاوەی بیرێک کە وتە و واتای پیاهەڵدانی میری پێ ڕازایەوە ئەفسانە بوو» (١:٣٠) هەروەها دەڵێت: «بوێژی تازە ئەو جووتە پاڵەوانەی دەمێکە ناشتووە کە میر و پیریان پێ ئەڵێن یاریشی ڕزگارکردووە لەو دەربڕین (تعبیر)ە بێزراوە کە باڵاشۆخەکەی کردبوو بە سنگی دیوەخان، هەرچی چەکی ئاغا هەیە هەمووی پیاهەڵواسیبوو، لە هەڵبەستی کۆندا لە پاڵەوان ئەخوازرا هەموو ئاوات و ئارەزووە خوێیەکانی بوێژ بوو ،بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو، ئێستا ئارەزووی ئاواتەکانی گەل، داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داواکرێ- پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش تێکۆشەرە، تەنانەت یاریش بە جوانییە دڵ چەسپ و سروشتییەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە، ئەگەر خۆی نەبێ بە پاڵەوان» (١:٣٠)

لە شیعرەکانی گۆراندا کۆمەڵێک بابەت و کێشەی نوێ دەبینرێت، وەک: (نیشتمانپەروەری، شۆڕشگێڕی، سەربەخۆیی کوردستان، ئازادی، شارستانیەت، کێشەکانی مرۆڤایەتی، خەباتی گەلان، کێشەکانی ئافرەت، ستەمکاری ئاغا، کێشەی نێوان جووتیارو ئاغا، ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی،بابەتی منداڵان، پیەس، ئۆپێرێت، سروود،

عـیـراقی بوون، برایەتی کـورد و عـەرەب، ناوەڕۆکی پەروەردەیی، ئاشـتـیـخـوازی، هونەردۆستی، ساتیر، گاڵتەوگەپ، مەتەڵی سیاسی، ناوەڕۆکی ڕۆمانتیکی..) لێـرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەم بابەتانە لە شـیـعـری گۆراندا بخەینەڕوو:

گۆران هەستێکی نیشتمانیی بەرزی هەیە و لە هەندێ لە شـیـعـرەکـانـیـدا ئەم هەسـتـەی زۆر بە جوانی دەربڕیوە. گـۆران بە هەسـتـێکی نـیـشـتـمـانـیـیـەوە هانی ڕۆڵەکـانی گـەلەکـەی داوە بۆ بەرەو پێـشـڤـەچوون و بێـداربوونەوە و ڕووکردنە هیواکانیان. گۆران لە شیـعری (بەری بەیانە) ئەم هەسـتـەی زۆر بە جوانی دەربڕیوە و داوا لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەکات ڕووبکەنە سەرکەوتنی میللەتەکەیان و ئـیـتـر لە خـەو هەستن و لەو پێناوەدا کـاربکەن، چونکە مرۆڤی خەوتوو مردووە و هیچی لەدەست نایە.

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ:
ئاسۆی هیوای کورد، مژدەبێ لەتۆ!
هەڵسە ئەی لاوی نیشتمانیی کورد!
سەردەمی هەڵسان هەرکەسێ نووست، مرد!
پێویستی پیرۆز؛ بەڵام سەخت و ورد
چاوەڕوانتە، هەڵسە دەست و برد! (٣٠٢:٥)

گـۆران وەک هەسـتـێکی نـیـشـتـمـانی بەرزی هەیە بە هەمان شێوە هەستێکی شۆڕشگێڕانەی بەرزیشی هەیە، کە بەم هەستەوە داوا لەڕۆڵەکانی کورد دەکات لەپێناوی وڵات و گەلەکەیان هەستن و شۆڕش لە دژی داگیرکەران بەرپابکەن و خـۆیان لەدیلی و ژێردەسـتی ڕزگـاربکەن. گـۆران لەشـیـعـری (دەمی ڕاپەڕینە)دا بە هەسـتـێکی شۆڕشگێڕانەوە داوا لە میللەتی کورد دەکات هەڵسن و شۆڕش بەرپا بکەن و خۆیان لەژێردەستی ڕزگاربکەن، کە ئەم کارەش تەنیا بە یەکگرتن و یەکبوون دەبێت.

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتا کەی بەسستی و بە پەستی بژیین؟
پەلامارەدە، ئەی کورد، عەرەقڕشتنێ!
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!
بە یەکبوونە گشت:
پتەو بوونی پشت
بە یەکبوون ئەبێ:
گەلت پێش کەوێ! (٥: ٣٠٣)

یەکێک لە ئاواتەکانی گۆران سەربەخۆیی کوردستانە و خـەونی بەو ڕۆژەوە بینیـوە کـە کـوردسـتـانەکـەی بە سـەربەخـۆیی ببـینێت، کـە ئەمـەش لە هەندێ لە شـیـعـرەکـانـیـدا ڕەنگی داوەتەوە. گـۆران لە شـیـعـری (کوردستان) ئەم بیرە دەردەبڕێت.

کوردستان؛ کوردستان!
نیشتمانی جوان!
هەر بژی بە شادی
سەربەستی و ئازادی
هەر بژی، هەر بژی، هەر بژی! (٣٠١:٥)

ئازادی یەکێکی تر لەو بابەت و کێشانەی کە گۆران لە شـیـعـرەکـانـیـدا زۆر گـرنگی پێـداوە و بە بناغـەی بەختەوەری و داهێنان و پێشکەوتنی داناوە

گۆران لە شیعرەکانیدا باس لە شارستانیەت دەکات کە چۆن دنیـــای ڕۆشن کـــردۆتەوە و بووتـە مـــایەی خۆشگوزەرانی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئاواش ببێتە مـایەی خـۆشگوزەرانی کـوردسـتـان و ئاواتەخـوازە ئەم شـارسـتـانیـەتە بەزوویی بگاتە کـوردسـتـان و ڕووناکی بکاتەوە و ببێـتـە هۆی ڕزگاری گەلی کورد، هەروەک لە شیعری (مەدەنییەت) ئەم بیرە دەخاتەڕوو.

مەدەنییەت: گوڵی بەهاری حەیات،
مەدەنییەت: هەوایی نەشئوئما،
مەدەنییەت: وەسیلەیی ئیحیا،
بۆ هەموو میللەت و عوموومی وڵات!
مەدەنییەت، ئەلەکتریک، قەمەر
ئەی زیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر..
ئەی شوعاعی هەتاوی حەقق و نەجات،
مەدەنییەت! دەخیلە سا پەلەپەل؛
پڕ زیاکە سەمایی تاریی ئەمەل؛
با ببینین بەهەشتی ڕاستی حەیات! (٨٣:٥)

کێـشـەکـانی مرۆڤـایەتی یەکێکی تر لەو بابەتانەی گـۆران لە شـیـعـرەکـانـیـدا بەرجـەسـتـەی کـردووە و گـرنگی پێـداوە، چونکە گـۆران وەک شـاعـیـرێکی هەست ناسک هەستی بەو کێشانە کردووە کە مرۆڤایەتی بەدەستییانەوە دەنااڵێنێ و بوونەتە مـایەی نەهامـەتی و نارەحـەتی بۆ گەلانی جـیـهان. گـۆران لە شیعری (دیاری خوای شەڕ) باس لە شەڕ و کوشـتـار و ئەو نەهامـەتـیـیانە دەکات کە بەهۆی شەڕەوە دێنە ئاراوە.

دیاری خوای شەڕ ڕەنجە و ئازار،
مەرگی لەشکر، وێرانی شار؛

بۆ دایک: تاقانە کوشتن،
بۆ کۆرپەی ناز: هەتیو خستن!
خوای شەڕ ئینسان لە هاوجنسی
ئەکا بەگورگێکی برسی؛
ئاگر، قورقوشم، غازی خنکێن
ئەداتە دەستی و پڕ لە جوێن
ئەکا دەمی و پێی ئەڵێ: عەرش
بۆ بن دەریای تاریک و ڕەش، (١٥٥:٥)

گۆران لە شیعرەکانیدا باسی لە خەباتی گەلان کردووە وهاوسۆزی خۆی بۆیان وەک ئەرکێکی ئینسانی دەربڕیوە، هەروەک گۆران خۆی لە پێشەکی شیعری (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازاد)دا دەڵێت: «ئاشکرایە کۆریاییە باکووریبەکان (شیمالییەکان) کۆمۆنیستن، هەرچی منیشم بە ئایین موسڵمان و بە باوەڕی سیاسی دیموکرات و بە شەرەفی جنسییە هاونیشتمانێکی عێراقیم، بەڵام جیاوازی ئایین، جیاوازی ئایدیال، جیاوازی پێڕەوی فەرمانداری (نیزامی حوکم) چییان هەیە بەسەر هەست و عاتیفەیەکەوە کە لە قوواڵایی سەرچاوەی ئینسانییەوە هەڵدەقوڵێ؟ بە دووچاوی زەق ئەبینم چەقۆ خراوەتە گۆشتی نەتەوەیەکی ئازای ئازاد، تەنیا لەبەر ئەوەی چۆن خۆی ئەیەوێ وا ئەژی، پاسەوانە ڕاستەقینەکانی دیموکراتیش بە هەموو دڵڕەقییەک ئەڵێن: نەء ئێمە چۆنمان ئەوێت ئەبێ وا بژیت... ئەمجا ئەگەر بەبۆنەی بەسەرهاتی داماوی کۆریاوە فرمێسکێکی دڵسۆزانە بەسەر بریتی هەردوو لای ئەوانیش و خۆشمانا بڕێژم، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ زاتی ڕێ گرتنم بەدڵا بهێنێ» (١٨٤:٥)

ئازادیخواز! گری... گری...
کەوتە ژێرپێی درنج، پەری:
کۆریای ئازاد: سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ری)،
تەخت و تاراجی تێک درا
لە فەرمانی (ماک ئارسەر)ا،
ماک ئارسەری خوای سینگمان ری
ئازادیخواز! گری... گری...

کێشەکانی ئافرەت لە شیعرەکانی گۆراندا زۆر گرنگی پێدراوە و باس کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە ئافرەت ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و کاریگەرن لەکۆمەڵدا و لەلایەکی تریشەوە قوربانی دەستی کۆمەڵگای پیاوسالارین و بەردەوام دەبنە قوربانی حەزوئارەزووەکانی پیاو. گۆران لە شیعری (بەردەنووسێک)دا باس لەو ستەمە دەکات کە لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا بەرانبەر ئافرەت دەکرێت و ژیانی لەزیندانێک زیاتر نییە و بەردەوام دەبێتە قوربانی و پیاویش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت، لە کاتێکدا تاوانباری ڕاستەقینە پیاوە نەک ئافرەت. ئەمەش بەشێکە لەو نادادپەروەری کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە.

بەڵام ئاخ کە نالەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم
بەڕێی عەشقی پاکا نام مل و تاوان
بۆ لاڕێی بردم
لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما،
بە سوێن و پەیمان،
وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لەناو جێما؛
ئابڕوومی تکان!..
ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستداربوو،
بەدەستووری گەل
ناپاکی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو،
بەڵام، ئاخ ئەجەل
منی (کچ) مامزی بەندینخانەی ژین!
سزای تاوانم،
بەدەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین!
پرچی پەخشانم، (١٦٥:٥)

کێشەیەکی تری کۆمەڵگای کوردی ستەمکاری ئاغا و پاوان کردنی هەموو شتێک بوو بۆ خۆی لە گوند و ناوچەکەی خۆیدا و چەوساندنەوەی خەڵکەکەی بوو بەخراپترین شێوە، کە پێویست بوو هەموو خێروخۆشییەک بۆ ئاغا بێت و جووتیاریش بەنانەزگێ و کولەمەرگی بژێت، هەرکەسێکیش ناڕەزایی دەربڕیت، یان ڕەخنە لە ئاغا بگرێت، ئەوە بە تونترین شێوە سزا دەدرا. ئەم لایەنەش وەک بابەتێک بەشێکیان لە شیعرەکانی گۆران داگیرکردووە. گۆران لە شیعری (بووکێکی ناکام)دا باس لەو ستەمکارییەی ئاغا دەکات کە چۆن کچە جووتیار (کە کوڕەشوانی خۆش دەوێت) دەکاتە بووک بۆ خۆی و دەیگوازێتەوە، بەمەش کوڕەشوان زۆر تووڕە دەبێت و مااڵی ئاغا دەداتە بەر تفەنگ و دەغڵودانی ئاغا دەسووتێنێ و ڕەزوباخی دەبڕی بەمەبەستی ئەتککردن تا نۆکەرێکی ئاغا دەیکوژێ و کچی جووتیار بۆ یەکجاری

کۆستی دەکەوێ.

لەژێر تارای سورمەچنا هەر جوانی دێ
(کچی جووتیار!) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ
کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژین و دڵداری
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری!
کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو دایە کێو
زەوی داگرت بە تفکردن، ئاسمان بە جنێو!
چەند جارێ شەو مانگی ئاغای دایە بەر تفەنگ،
دەغڵی سووتان، باخی بڕی، بۆ ئەتک و پەنگ:
تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا
خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا؛
پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتەکار،
کۆستی دڵی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار!
(٧٢:٥)

گرنگیدان بە منداڵان و شیعر وتن بۆیان لەو بیرەوە سەرچاوە دەگرێت کە منداڵان نەوەی داهاتوون و گرنگیدان پێیان گرنگی دانە بە داهاتوو، هەربۆیە کۆمەڵەی دەیەم لە دیوانی گۆران بەناوی (شیعر بۆ منداڵان) هەشت پارچە شیعری تایبەت بەمنداڵانی لەخۆ گرتووە.

کەرۆشک لەناو لانا
گوێی لەسەر پشت دانا
چاوی نوقاند پڕخە پڕخ
نووست تا ڕاوکەر وتی پخ!
ئەمجا هەردوو گوێی لەقان
شانی پیا کرد بە بازدان
کەرۆشک، نزیکە دوژمن
کەرۆشک، ڕاکە قونەقون (٣٢٦:٥)

پیەس یەکێکی تری لەو بابەتە تازانەی کە گۆران هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە، چونکە «لەو ماوەیەی گۆران بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژین) بوو لە سلێمانی، کۆمەڵێک پیەس (شانۆی یەک پەردەیی) بەشیعر نووسییەوە و لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٣ بڵاوی کردنەوە» (٥٧٩:١٥) لەوانە: دوشمنمان مێشوولە، شیوەنی دارستان، ماستاو، ولاتی ئاوا،...

پەردە هەڵکشا

دەستەیەک شاریی بێکار و بێ دەرەتان لەبەر دەرگای کۆشکێک وەستان کە ئەوەندەی قشڵەیەک گەورەیە، لەسەر دەرگای نووسراوە: (لاتخانەی شار) لەناو ئەم دەستەیەدا (نالە یەک لنگ) خۆی داوە بەسەر دارشەقەکەیا، هۆرە بۆ مەجلیسی ئیعمار ئەکا کە ئەم کۆشکە جوانەی بنیاد ناوە:

بڕوانن لاتخانەی ئیعمار چ زلە:
چل ژوورە و هەر ژووری جێی نوێنی چلە!
بەم جۆرە، هەر شارە سەر و لاتخانە
دروست کا، کێ ئەڵێ: عێراق وێرانە؟
هەربژی ولاتێک: دەزگای ئیعماری،
لاتخانەی پڕناکا دانیشتووی شاری!

-پەردە داکشا- (٢٧٥:٥)

هەروەها ئۆپێرێتێش بابەتێکی نوێیە کە گۆران لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە. وەک ئۆپێرێتەکانی: ئەنجامی یاران و ئەنجامی ئەژدەهاک:

١- **ئەنجامی یاران:** دیالۆگێکی دڵدارییە، خۆشەویستی نێوان کوڕێکی کورد بەناوی برزوو و کچێک بەناوی وەنەوش دەدوێ. کۆرسی کوڕان و کچان بەشداری تێدا دەکەن، لە ساڵی ١٩٥٣ نووسراوەتەوە.

٢- **ئەنجامی ئەژدەهاک:** پڕۆژەی ئۆپێرێتێکی درێژ بووە، گۆران بە ئومێدی ئەوە بووە تەواوی بکا و (قادر دیلان) مۆسیقای بۆ دابنێ. لەدوای نووسینی پەردەی یەکەم بۆی تەواو نەکراوە، ئەکتەر و بەشدارانی پەردەی یەکەمی ئۆپێرێتەکە ئەم کەسانەن: جارچی، کۆمەڵێک یاساوڵ، سەرکردەی یاساوڵان، کاوەی ئاسنگەر، کۆمەڵێک لاو، کۆمەڵێک کچ، شاگرد، کرماییل. (٥٨٠:١٥)

سروودیش بەشێکی ترن لەو بابەتانەی گۆران لە شیعرەکانیدا گرنگی پێداون و کۆمەڵەی نۆیەمی دیوانەکەی تەرخان کراوە بۆ سروود کە یازدە سروودی لەخۆگرتووە.

نەورۆز ئەکەم! نەوۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

گۆران شاعیرێکی ئاشتیخواز بووە، ئاشتیخوازی وەک بابەتێک لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، زۆر بەتوندی دژی شەڕ و ناکۆکی وەستاوەتەوە و بانگی ئاشتی داوە، شیعرەکانی (پەیامی کورد، دیاری خوای شەڕ، مارشی ئاشتیخواز، جەژنە پیرۆزەی

ئاشتیخوازان،..) نموونەی ئەم جۆرە شیعرەن.

ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،
کۆتری سپی ئالامان ناونیشانە:
ڕێگامان ڕێی برایەتی ئینسانە،
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە! (٣١١:٥)

برایەتی کورد و عەرەب یەکێکی تر لەو لایەنانەی گۆران وەک بابەتێک لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد و عەرەب دوو نەتەوەی سەرەکی عیراقن و لەم ولاتەدا پێکەوە دەژین. گۆران لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی) باس لەو ستەم و زوڵم و زۆرداربیە دەکات کە لە هەردوو میللەتی کورد و عەرەب کراون و ستەملێکراوی و چەوسانەوە کردوونی بە برا:

چەخماخەی شمشێری زۆردار
ئا لەو خوێنەدا ئاوا بوو
کە لەملی باوکت، باوکم
ڕژایە سەر ملی میژوو!
بەجووت هەردوو باوک کوژراو،
تک تک خەمان تکا لە چاو،
دەست لە مل، بەسەر یەکترا
گریان کردینی بەبرا. (٢٣٦:٥)

گۆران کەموزۆر لە شیعرەکانیدا هەوڵیداوە ناوەرۆکی پەروەردەیی بەرجەستە بکات، چونکە ئەم لایەنە هەوڵدانە بۆ ئاراستەکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بەرەو ئامانجە بەرزەکان. بۆ نموونە شیعرەکانی (ئاشتیخواز، بەفر..) گۆران لە شیعری بەفردا هەوڵ دەدات منداڵان ڕابهێنێت لەسەر بەزەیی هاتنەوە بە گیاندارانداو و یارمەتیدانیان و ئازارنەدانیان:

ئای بابەگیان! بەفر ئەباری، تەماشا:
جێگا نەما پێیەک دانێی لەحەوشا
کلووکلوو دێتە خوارێ: سپی و جوان
دەنکە دەنکەش با ئەیهێنێ بۆ هەیوان
ئەڵێی وردە پەڕی سپیی دەعبایە
یا لێشاوی پەپوولەی ناو هەوایە
ئەها بابە! ئەو ڕیشۆڵە هەژارە
کزکز نیشتۆتەوە لەو بن پاساوە
ئێستا مشتێ گەنم دێنم ڕۆی ئەکەم
بابێ بیخوا و نەجاتی بێ لەماتەم (٣٢٧:٥)

هونەرەجوانەکان لایەنێکی تر کە گۆران لە شیعرەکانیدا گرنگی پێداوە و بەشێک لە دیوانەکەی تەرخان کراوە بۆ (هونەرەجوانەکان) و حەوت شیعری لەخۆگرتووە، لە شیعری (جیلوەی شانۆ)دا دەڵێت:

لە جەرگی پەردەوە تک تک دڵۆپی عوود ئەڕژا،
بە نووکی تەئسیری
تەرەب ئەهات خرۆش، تالعی سروور ئەپژا!
بە ئاهی دڵگیری:
کەمان- شەهیق و زفیری فریشتەیی ئەلحان-
ئەکەوتە ناو دڵی مردوویش هەناسەیی هەیەجان!
نەوایی مۆسیقی،
کە مەخرەجی سیحری
تەلێکە پێئەکەنێ یا کونێکە حوزن ئەگری،
بەسۆزی تەشویقی،
مەتاعیبی گوزەران،
هێواش هێواش ئەتکێتە دەروونی ئینسانێک
کە ڕەمزی لەززەتە، میفتاحە بۆ تەلیسمی ژیان،
ژیانی ئینسانێک! (١٠٦:٥)

بابەتێکی تر لەو بابەتانەی گۆران هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە گاڵتە و گەپە. گۆران بەشێکی شیعرەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە کە لە شیعرەکانی: (عەرزوحاڵ، دەنگی مردوو، جاسووس، چەقەڵ، سەگوەڕ، ماکارتی، ڕازی... نارازی)دا دەردەکەوێت.

تووڵەی دەرگای ئاغایان گشت،
کلکی نایە سەر نەڕەی پشت!
سەری کێشا، دی: بنی ئاو
تووڵەی تیایە، سەرداکێشاو!
گوێچەی قوت کرد... گوێچکە قوت بوو.
کە بۆی مڕان... بۆی مڕان زوو (٢٩٣:٥)

ساتیر یەکێکی تر لەو بابەتانەی گۆران لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشێوەیەکی کۆمیدیانە، وەک شیعرەکانی: موحاکەمەی مام چەوەندەر، شیوەنی دارستان، دوشمنمان مێشوولە...

١- موحاکەمە
- ناوت چییە؟
- مام چەوەندەر؟
-لەکوێوە دێی؟
- لە دەشتودەر.
- بەچی هاتی؟

- بەپشتی کەر.
- کێ هانیتی؟
- لالە ڕەنجدەر. (٢٧٩:٥)

مەتەڵی سیاسی لە شیعرەکانی گۆراندا وەک بابەتێک بەدیارکەوت، چونکە گۆران پاش ئەوەی سەرپەرشتی ڕۆژنامەی (ژین)ی گرتە دەست، لە هەر ژمارەیەکدا مەتەڵێکی بەشیعر بڵاودەکردەوە کە ناوەرۆکێکی سیاسیان هەبوو بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خوێندەوارانی کورد لە بارەی سیاسییەوە.

حەوتە مەتەڵم ژمارەی پیتی،
مژینی مانگای خەڵقە نەریتی،
پیتی سێ و پێنجی لەگەڵ شەشەمی
بۆتە هۆ لێمان داپچڕێ دەمی
حەوت و شەش و دوو لەگەڵ سێ بەڕیز
شتێک نین چووبی بەلایا هەرگیز!
زیانداڕە وەک پێنج و شەش و حەوت
دەریا لووشێکە بۆ چاڵاوی نەوت
گوێچکەی تاقکەوتووی وەک هی کەر درێژ،
کلکی کوت و مت ماڕێکی ژار ڕێژ
چییە ئەم دەعبا درندەو پیسە؟
پێنج بوایە پیتی ئەتوت ئیبلیسە؟ (٣٨٩:٥)

مەبەست ئیستیعمارە

لە کۆتایی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە گۆران یەکێکە لەو شاعیرە تازەگەرانەی کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست شیعری کوردییان تازەکردەوە و گیانێکی نوێیان کردەبەری و لە چەقبەستوویی کلاسیک ڕزگاریان کرد کە زیاتر لە ١٠ سەدە بوو باڵی بەسەر ئەدەبی کوردیدا کێشابوو.

سەرچاوەکان:

١- ئومێد ئاشنا، گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢- خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغداد، ١٩٨٩.

٣- ڕفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب١- ب٢، چاپخانەی (التعلیم العالی)، هەولێر، ١٩٨٨.

٤- ڕێبوار سیوەیلی- موسڵح ئیروانی، خاڵبەندی، پراکتیکی، چاپخانەی ژیان، هەولێر، ٢٠٠٣.

٥- عەبدوڵلا گۆران، دیوانی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الاهو)، ٢٠٠٥.

٦- عەبدوڵلا خدر مەولوود، الا یا أیها الساقی و دە بابەتی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠١.

٧- عەتا قەرەداخی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، چ؟، چاپخانەی بابان، سلێمانی ١٩٩٩.

٨- عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٧.

٩- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، بەغداد، ١٩٩٠.

١٠- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، الواقعیة في الادب الکردي، بیروت، ١٩٦٦.

١١- فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢- کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب١، چاپی دووەم،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٢.

١٣- کمال معروف، دراسة عن أعمال کوران الأدبیة، الطبعة الأولي، مطبعة گەنج، سلیمانیة، ٢٠٠٥.

١٤- مارف خەزنەدار، میژووی ئەدەبی کوردی، ب٥، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٥- مارف حەزنەدار، میژووی ئەدەبی کوردی، ب٦، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.